**کۆمیتەی یوتوبوری حزبی کۆمۆنیستی کریکار یی عیراق کۆڕێکی بۆ شەمال علی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب سازکرد.**

ڕۆژی 8 / 1 / 2005 کاتژمێر 2 پاش نیوەڕۆ لە شاری یۆتۆبوری سوئید سیمینارێك بۆ شەماڵ علی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب لە ژێر ناوی سیناریۆی هەڵبژاردن لە عێراق و سیاسەتی ئێمە سازدرا . .سەرەتا شەماڵ علی باسی سیناریۆی هەڵبژاردن و هەل ومەرجی ئەمڕۆی عێراق و کوردستانی کرد وئەوەی ڕۆشن کردەوە کە هەڵبژاردن لە هەل و مەرجی ئەمڕۆی عێراق و لەسایەی دەسەلاٌتی میلیشیای ئەحزاب و نائارامی و شەڕی تیرۆریستی ئەمریکا و ئیسلامی سیاسی دا و نەبوون و پشت گوێ خستنی زەمینەکانی هەڵبژاردن دا سیناریۆیەکی فریوکارانەیە بە مەبەستی شەرعیەتدان بە دەسەلاٌتێکی کۆنەپەرستانەی قەومی و ئیسلامی گوێ لە مستی ئەمریکا لە عێرا قدا، هەروا ئاماژەی بەوە کرد مەبەستی لایەنە جیاوازەکان هەرچی بیت هەڵبژاردن ناتوانێت عیراق لە هەرج مەرج وسیناریۆی تاریکی ئیستا ڕزگار بکات، بگرە ئەگەری ئەوە هەیە هەل ومەرجەکە زۆر لە ئیستاش نالەبارتر بکات.

بەشەکانی تری سیمینارەکە تایبەت بوو بە سیاسەتی مقاتەعەکردنی هەڵبژاردن و بەدیل و پلاتفۆرمی حزب لە ئاستی عێراق و کوردستان و مەسەلەی ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستان وپێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی سیاسی بۆ بردنە پێشەوەی جوولاٌنەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە پێناوی بەرپاکردنی ریفراندۆم وبەدیهینانی سەربەخۆیی وپیکهینانی دەوڵەتیکی سکولار وغەیرە قەومی لە کوردستان.

شایانی باسە ئامادەبووان بە پرسیار و تێبینی یەکانیان بە گەرمی بەشداری باسەکانی سیمینارەکەیان کرد . سیمینارەکە نزیکەی2:30 خایاند و سەرکەوتووانە کۆتایی هات .

کۆمیتەی یۆتۆبۆری حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق
2005-1-9